

# چەواشەکاریەکی تری دەسەلاتدارانی کوردستانبۆ چارەسەری کێشەی کارەبای کوردستان

## کارەبای کوردستان بە بڕینی کارەبای ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ چارەسەر ناکرێت

کۆسرەت ڕەسوڵ هەر نیاز و مەبەستێکی سیاسی ـ ڕێکخراوەیی هەبێت کە خۆی یەکەم کەس دەبیٚ لە جیٚ بە جیٚکردنی ئەو پرۆژەیەدا سەبارەت بە کارەبای کوردستان لە دەستوریاندایە هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت کە دابینکردنی کارەبا لە ئەستۆی دەسەلات و حکومەتدایە.

کارەبا یەکێک لە پێکهاتە و پێویستی یەکانی کۆمەلگای ئەم سەردەمەیە ولە ئەستۆی حکومەت و دەسەلاتدایە حکومەتی بیٚ کارەبا حکومەت نی یە.

دەسەلاتداران و بەرپرسانی یەکێتی پارتی بە کۆسرەت ڕسولێشەوە کە ماوەی 15 ساڵە دەسەڵات و سەرمایەی کوردستانیان بە دەستەوەیە خەلکی کوردستانیان لە تاریکستان و مەنجەنیقێکدا ڕاگرتووە و خۆشیان هەرگیز بیٚ فێنکی و ڕووناکی و چراخان نەبوون هەتا ئەمڕۆ ڕەحمیان بتلیسێتەوە.کارەبایخۆیان ببڕ.

بیانووی ئەم دوو حزبە دەسەلاتدارە تا دوێنیٚ چەواشەکاری کەمی ئاوو باران بوو لە سەدەکانی دوکان و دەربەندیخاندا !! بەمجۆرە شانی خۆیان وەکو دەسەلات لەم مەسئولیەتە خالّی کردووەتەوە و سەرمایەو پولی کوردستانیان لە جیاتی بۆ پرۆژەی هاوچەرخ هێنانی تەکنەلۆژیای نویٚ بۆ دابینکردنی کارەبای کوردستان خستووەتە گیرفانی حزبەکانیانەوە و تالانیان کردووە ، سەرکردەو بەرپرسەکانی ئەم حزبانەش بە کۆسرەت ڕەسولێشەوە. لە جیاتی دابینکردنی کارەبا خەریکی گەندەلّی بوون خۆیان دەولّەمەند کردووە.

دەسەلاتدارانی کوردستان توانیویانە بەم چەواشەکاری و درۆ شاخدارانە کە نەبوونی کارەبا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئاو و باران تا ڕادەیەک قەناعەت بە خەلک بکەن بیخەنە ئەستۆی ئاسمان و بێزاری و تورەیی خەلک بکەن بە گژ ئاسمانداو هەتا ئەمڕۆ درێژە بەم تاریکستان و مەنجەنیقە مەترسیدارە بدەن.

بەدوای ئەمەدا خەلکیان بە سیستەمێکی ناشارستانی و دوواکەوتووانەی ( **مولیدە**) گیرۆدە کرد و خستیانە ژیانی خەلکەوە کە نەک هەر نەیتوانی کۆمەک بە باشترکردنی کارەبا لە کوردستان بکات بەلکو بووە مەیدانێک بۆ بازرگانی سەرمایەداران و دەولّەمەندان و گیرفان خالّی کردنەوەی خەلک .

لە جیهانی سەرمایەداری هاوچەرخی ئەمڕۆدا سیستەمەکانی پەروانەی هەوایی گرێدراو بە تۆڕبیناتی زنجیرەیی یەوە ، هەروەها ناوچەیی کردنی بەرهەمهێنانی کارەبا، هەتا دانانی (تۆڕی ئاوێنەیی) و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای ناوەکی )بەڕیوە دەچیت بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا و لە ئارادایە و هەموو ئەمانەش لە جیهانی ئەمڕۆدا وەکو کالایەک مامەلّەی پیوە دەکریت ، دەتوانریت لە ڕیگای وەگەڕخستنی سەرمایەو و کۆمپانیاکانەوە بخریتە خزمەت وبەردەستی ئینسان لەهەر گۆشەیەکی جیهاندا بیٚت.

ئەمڕۆئەم سیناریۆیە گەیشتۆتە ئەوپەڕی و خەلکی کوردستان بەتەواوی ناڕەحەت و بێزار بوون و ناڕزایەتی جەماوەری لیرەو لەویٚ بە ڕووی دەسەلاتداراندا دەستی پیکردووە ، بە تایبەت لە ئەمسالدا بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو نەبوونی کارەباوە چەندین هەزار منالٚ تووشی نەخۆشی سک چوون و ڕشانەوە بوون و بە تەواوی خەلکی هەراسان کردووە.

ئەمڕۆ دەسەلاتدارانی کوردستان لە ژێر ئەم فشار و ناڕەزایەتیەی خەلکدا باسی پرۆژەی چاککردنی کارەبای کوردستان دەکەن کە خۆیان و دەسەلاتە گەندەلّەکەیان سەرچاوەی کێشەکەن.بەلّام پرۆژەی ئەمجارەیان کە

کۆسرەت ڕەسولْ دەیەوێت ڕووی خۆی پیْ سپی بکات و خۆی پێوە بنوێنێت لە پرۆژەکانی تریان دوواکەوتووتر و ناشارستانی ترە.
ئەم پرۆژەیەی دەسەلاتدارانی کوردستان درۆ و چەواشەکاریەکی ترە لەگەلْ خەلکی کوردستاندا. ئەوان تا نەبوونی کارەبایان دەگێڕایەوە بۆ کەمی ئاوو باران ، ئەمڕۆش دەیانە خەلک خۆیان بکەن بە سەبەبکاری نەبوونی کارەبا بەو بیانووەی کارەبا زۆر بەکار دەهێنن و جارێکی تریش بۆ دەورەیەکی تر درێژە بەم گەندەلی و تالانی و برۆیەی سەرمایەی کوردستان بدەن و خەلک لە بیْ کارەباییدا ڕابگرنەوە.!!
برینی کارەبای مالی کۆسرەت ڕەسول نیشانەی خۆدزینەوەی دەسەسەلاتدارانی کوردستانە لەم کارو مەسئولیەتە ، تەنها بۆ چەواشەکاری خەلکە.
دەسەلاتدارانی کوردستان دەبیْ لە ڕێگای خستنەگەڕی سەرمایەی کوردستان کە دەستیان بەسەرداگرتووە کۆمپانیا جیهانیەکان و تەکنەلۆژیای نوێی ئەم سەردەمەوە بهێننە کوردستانەوە نەک پرۆژەی پوچ و بیْ مانا و دەستپێشکەری چەواشەکارانەی. کۆسرەت ڕەسولْ . ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە وەزعی ئەمنی و سیاسی کوردستان فرسەتی ئەم کارە هەیە لە کوردستاندا کە ئەنجامی بدەن و .
خەلکی کوردستان دەبیْ چی تر ڕێگا نەدەن ئەم حزبانە یاری بە سەرمایەی کوردستان بکەن و خەریکی تالانی و گەندەلی بن سەرکردەو بەرپرسەکان خەریکی خۆدەولەمەندکردن و بن.

سامان ئەحمەد
7 -7 -2006